# کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی شۆڕش نارازین لەدروستکردنی مۆنیمێنت لەهەولێر

ئا: عەرعەر



ناحیەی شۆڕش پێشتر یەکێك بوو لەو ئوردوگا زۆرە ملێیانەی کە لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال دا لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دروست کراوە بەڵام بەبڕیارێکی حوکمەتی هەرێم لەساڵی ٢٠٠١ دا بووە ناحیە، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی١٩٨٨ هەتا ئێستا ئەم ناحێیە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەشێکی زۆری دانیشتوانی شۆڕش بریتین لەکەس و کاری ئەنفالکراوەکان ئەوانەی کە پاش کارەساتەکە لەپڕۆسەی لەناوبردن ڕزگاریان بووە، هەر بۆیە دوای بیستنی هەواڵی بەخاك سپاردنی تەرمی قوربانیانی ئەنفالکراو دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی نیشتمانی ئەنفال لەشاری هەولێر لەلایەن حوکمەتی هەرێمەوە تەواوی کەس وکاری ئەنفال کراوەکانی ناحیەی شۆڕش دژی ئەم بڕیارە دەوستن و ناڕەزای خۆیان دەردەبڕن،

سەرەتا (ئاریان فازیل) کە گەنجێکی کارایە لەپرسەکانی ئەنفالداو جگە لە باوکی پەنجا کەسی تری نزیکی لە پەلاماری ئەنفالدا لەناوچوون، ووتی "ئەرکی سەرشانی حوکمەتی هەرێمە کە ئەنفال بە هۆلۆکۆستی کورد بەهەموو جیهان بناسێنێت وئاگاداری سەرجەم ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەبێت، کە لە خوارووی عێراق بەردەوام دەدۆزرێتەوە ئەمەش بەئامانجی دۆزینەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکان و گەڕانەوەیان بۆدەستی کەس و کارەکانیان و یاخوود بە خاك سپاردنی بەکۆمەڵی ئەنفالی هەرناوچەیەك لە ناوچەکەی خۆیاندا، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابین لەبەر هەرهۆیەك بێت مۆنیمێنتی ئەنفال لەشاری هەولێر دروست بکرێت چونکە هەولێر تایبەتمەندی خۆی هەیە کە پایتەختی کوردستانە ،بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکەی ئێمەدا ژمارەی ئەنفال کراوی ئەوەندە لێ نییە تائەم کارە لەوێ ئەنجام بدرێت وە من دەڵێم ئەگەر دەیانەوێ وەکو مۆنیمێنتەکەی هەڵەبجە نەسوتێنرێت ئەوا پێویستە لەناوچەی گەرمیاندا ك دڕندانەترین شاڵاوی ئەنفال لەوێ ئەنجام دراوە دروست بکرێت وەبەپێچەوانەشەوە ئەگەر لەناوچەیەکی ئێمەدا نەکرا ئەوا خۆمان وەکو کەس و کاری ئەنفالکراوان ژمارەیەك پارچە قوماش و هەویەو یادگاری کەسە ئەنفالکراوانمان بەخاك دەسپێرین و دەکەینەوە مۆنیمێنتی ڕاستەقینەی خۆمان".

"ئەگەر تەرمی ئەنفالکراوەکانمان لە هەولێر بنێژرێن ئەوا ئێمە قەد ناچین بۆسەردانیان تەنانەت لەیادی ئەنفالیشدا" ئەمە وتەی (ڕەسمیە ڕەزا)ی تەمەن ٦٠ ساڵە کەنزینکەی دەکەس لە کوڕو براو کەسی تری ئەنفالە. هەروەها دەڵێ "دروستکردنی مۆنیمێنت بەپێویست دەزانم بەڵام لەناوچەیەکی خۆماندا بۆئەوەی هەموو ڕۆژێ بچین بۆسەردانکردنی و داخی دڵی خۆمان لەسەر هەڵبڕێژین، ئێمە بێ ئومێد بوین لەوەی حوکمەت خزمەتی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان بکات بۆیە تەنها داوای دروستکردنی ئەو مۆنیمێنتە دەکەین، چونکە نەبینینەوەی کەسەکانمان بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ تەنها شتێك کە ئارامیمان پێ ببەخشێت ئەوەیە ڕوفاتی ئەنفالکراوانمان لە ناوچەیەکی خۆماندا بە خاك بسپێرین تا بۆیادکردنەوەیان هەمیشە سەردانیان بکەین ئەمەش ناکرێ هەموو کاتێ لە شۆڕشەوە بەڕێگایەکی دوور بچین بۆ هەولێر".

بنەماڵەی ئەنفالکراوان وەنەبێ هیچ کارێکیان نەکردبێ بۆئەوەی حوکمەت و بەرپرسان گوێیان لێ بگرن و بەدەنگ داواکارییەکانیانەوە بچن، بەڵکو ئەوان چەندجار دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردۆتەوە سەردانی زۆر کەسی بەرپرسیان لە پۆستە باڵاکانی حوکمەتدا کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بە وتەی خۆیان هیچ سودیی نەبووە.

(حوسنيه محمد علی) تەمەنی ٥٣ ساڵ هەروەكو خۆی دەڵێ ئەوەندەی كەسی ئەنفالە ناتوانێ بیان ژمێرێت، ئەو كە لەلایەن ژنانی كەس وكاری ئەنفالەوە بە نوێنەریان هەڵبژێردراوە دەڵێ "زۆر دەنگی ناڕەزایی بونمان بەرز كردۆتەوە تەنانەت سەردانی وەزیرو سەرۆكی حوكمەتیشمان كرد، بەڵام لە كۆتایدا وەكو جارەكانی تر هەرسودی نەبووە، ئەگەر حكومەت منەتی ئەوە بەسەر ئێمەدا دەكات كە موچەیەكمان دەداتێ كە بۆ ئەمڕۆی بازار تەنها بەشی حەوت ڕۆژ دەكات ئەوا بائەوەش ببڕن و نامانەوێ"، دەربارەی دروستكردنی مۆنیمێنتی ئەنفال لە شاری هەولێر حوسنیە دەڵێ "ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ هەولێر كە گەورەیی خۆی هەیە بەڵام هەموو ئەنفالی شاری هەولێر لە سەد خێزان تێناپەڕێت لەگەڵ ئەوەدا تەنها لەسنوری ناحیەی شۆڕشدا دووهەزار خێزانی ئەنفال هەیە بۆیە دەپرسین كام جێگا لە پێشترە بۆ ئەو كارە؟ بۆیە پێویستە مۆنیمێنت لەناوماڵەكانی شۆڕشدا دروستبكرێت، ئەمەش بەمەبەستی ناساندنی ناوچەكە بەوكەسانەی كەسەردانی دەكەن نەوەكو بۆ دیكۆراتی جوان و بەشتی گران بەها بڕازێنرێتەوە، كەس وكاری ئەنفالكراویش لەناو تەپ و تۆز ژیان بگوزەرێنن چونكە ئەو كات بەدەردی ئەوەی هەڵەبجە ئاگری تێبەردەبێ".

نازم ڕەشید تەمەن ٢٢ ساڵ دەرچوی پەیمانگا كە باوك و مام و دووخاڵ و ئامۆزایەكی ئەنفالە، دروستكردنی مۆنیمێنتی ئەنفال بەپێویست دەزانێ و بەئەركی لە پێشینەی وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی دادەنێت، چونكە پێی وایە مۆنیمێنتێك كە كارەساتی ئەنفالی تێدا بەرجەستە بێت ئەوە پیشانی نەوەكانی داهاتوو دەدات كە ئەم گەلە لە رابردوودا بەدەستی بەعسییەكان چ ستەمێكی لێ كراوەو چۆن چەندین ئازیزیان تەنها لەسەر كوردبوون زیندە بە چاڵ كراون. هەروەها دەڵێت "لە كارەساتی ئەنفالدا من تەمەنم سێ ساڵ بووە بۆیە ئەو كارە ساتەم بە بیر نایەت بەڵام ئەركی حكومەتی هەرێمە كە لەرێگەی مۆنیمێنتەوە ئەوەم پیشان بدات و تەرمی باوكم لە گۆڕە بەكۆمەڵەكاندا بدۆزێتەوە تا بزانم منیش وەكو خەڵكی تر باوكم هەبووە بەڵام لە قۆناغێكی زۆر زوودا مرۆڤ كوژەكانی بەعس لێمیان جیا كردەوە".

هەروەها دەربارەی دروستكردنی مۆنیمێنت لە هەولێر نارازیبوونی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت" ئەگەر لەوێ دروستبكرێت ئەوە پێناسە لە ئێمەی زۆرترین خاوەن قوربانی ئەنفال ناكات".

ئەگەر بۆ ساتێك بەم نەحییەیەدا تێپەریت بە تایبەتی گەرەکی قادرکەرەمییەکان کە خاوەن ئەنفالێکی یەگجار زۆرن ئەوا چەندین خانووی گڵ و شەقامی تۆزاویی و کۆڵانی بێناز دەبینت کە تاك و ئێستا خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆیان بۆ فەراهەم نەکراوە.

هیدایەت عەلی تەمەن ٥٥ ساڵ خزمەتکردنی کەس و کاری ئەنفال و زیادکردنی موچەو باشکردنی ژیانیان بە پێویستر دەزانێت تا مۆنیمێنت، ئەو کە نزیکەی بیست کەس لە بنەماڵەکەی ئەنفالکراون و خۆشی لە رووداوێکی خەیاڵیدا لەو کارەساتە زگاری بووە وتی"دروستکردنی مۆنیمێنت پێویستە بەڵام پێوستییەکی لە پێشینەتر هەیە بۆ ئێمە چ جای ئەوەی لە ناوچەیەکی تری جگە لە ناوچەکەی خۆمان دروست بکرێت کە ئێمە هەرگیز بەوە رازی نابین کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ناخۆشترین ژیان بەسەر دەبەن و چەندین کێشەی ئاو کاەباو هیتریان هەیەو زۆر لە مۆنیمێنت پێویسترن ئەوان با بێن شەقامەکانمان بۆ چاك بکەن و خانووەکانمان بۆ چاك بکەن، چونکە تا ئێستا خێزانی ئەنفال هەیە بە گەرمای هاوین و سەرمای زستان لە خانووی گڵدا ژیان بەسەر دەبەن.